

# بەدەست خۆم نەبوو......

عەلی ساڵح میران

بەدەست خۆم نەبوو.. وام بۆ هات.....

هەر ئەو ڕۆژە وا نەبوو، بەڵکو هیچ ڕۆژێك لەو خەیاڵەدا نەبووم، لە شانۆگەرییەکی ناوەختدا ڕۆڵی بەرپرسێك ببینم، یان ڕوونتر بێژم... ڕۆڵی بەرپرسێکم پێ ببینن، جاری وا هەیە مرۆڤ بەدەست خۆی نابێ و دەکەوێتە گێژاوێك، ئەگەر سەری تێدا نەچێ، بێگومان کاریگەری خۆی لەسەر دوا ڕۆژانی ژیانی جێ دەهێڵێ...

بەڵێ (بەدەست خۆی نییە)، ئەو دەستەواژەیە، پاساوێکی لەبارە بۆ شاردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی دوای گێژاوەکە ڕوویان دا.. ئەوە بەلای من گێژاو بوو، ڕەنگە لای کەسانی جەربەزەی دیکە، نەبای دیبێ و نەباران! لێی دەپاڕێتەوەو دەکەوێتە ناو بەزمی گۆڕانکارییەکان و شەقێکیش لە ڕەزمی ڕابوردوو دەدات..

تازە ڕۆژهەڵاتبوو بەیانییەکی فێنك بوو، ئۆتۆمبێلەکەش لەوبەری شەقامەکە وەستابوو و شوفێر و پاسەوانەکانیش بەرەو ڕووم هەنگاویان ناو جانتاکەیان لێ وەرگرتم:

- مامۆستاگیان ماوەیەکە چاوەڕوانین..
- سپاستان دەکەم ئەزیەتتان کێشا...

لەبەردەم ئۆتۆمبێلەکە وەستام، نەمزانی لە کام لاوە سەرکەوم، یەکێ لە پاسەوانەکان دەرگای دواوەی بۆ کردمەوە، لە شوێنەکەی کاك ڕزگاری دانام، دواوەی ئۆتۆمبێلەکە بە فەرشێکی جوان پۆشرا بوو، تەنها من لە دواوە سوار بووبووم و هەردوو پاسەوانەکانیش لەبەردەمم لە پێشەوە سوار

بووبوون..
شوفێرەکە سولفێکی لێ داو هەندی بلێی یەکودوو لەشار دەرچووین و گەیشتینە بازگەکە...
دوازدە سەعات پێش ئێستا، کاتێ ویستم بەو تەکسییەی سواری بووبووم، بێمە ناوشار، لەوێ بەرپرسێکی لێ بوو، تا هەنووکەش لە شوێنی خۆی لە بازگەکە هەرمابوو، ئەوکات ئەو بەرپرسە دەردێکی پێ کردم با بەدەواری شڕی نەکردبێ، لەبەر ئەوەی پێناسەکەمی بەدڵ نەبوو، لە تەکسییەکە دایبەزاندم و نەفەرەکانی دیکەی بەڕێ کرد، دوای سەعاتێك بێنەوبەردە، ئەوسا قەناعەتی هات کە پێناسەکەم ساختە نییە و ڕێگەی پێ دام بێمە ناو شار، بۆیە لێم مەگرن، کاتێ گەیشتمە بازگەکە، ڕەنگم نەختێ گۆڕا، بۆ ئەوەی نەمبێنێ ڕووی خۆم وەرگێڕا، سەیری دیوەکەی دیکەی شەقامە ڕاستاڵەکەم کرد، چی بکەم بەڕاستی ترسام هەمان گێچەڵی دوێنێم پێ بکات..
کاکی شوفێر لە شەقامی (ڤیبی تایبەت بە بەرپرسان) دوای سڵاوقوتێکی بەرپرسی بازگەکە بۆی دەرچوو، باوەڕم نەکرد وا بە ئاسانی دەربازم بووبێ:
- ئەوە چۆن بوو ڕایان نەگرتین..؟!
- قوربان چۆن ڕامان دەگرن، کەس هەیە ئۆتۆمبێلی کاك رزگار نەناسێ و ڕای بگرێ..
(کاك ڕزگار) برادەرێکی کۆنم بوو، دوای دابڕانێکی زۆر، زانیم بووەتە مەسئوول و جارجارە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان وێنەکەیم دەبینی، دوێنێ شەو لە سوپەرمارکێتە گەورەکە لەگەڵ پاسەوانەکانی بەناو کەلوپەلەکاندا دەگەڕا، حەزم دەکرد قسەیەکی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ترسام خۆیم لێ نەناس بکات و تەریقم بکاتەوە، بۆیە ڕووم لێ وەرگێڕا، بەڵام ئەو لە دواوە دەستی خستە سەر شانم:
- ها.. کاك عەزیز.. چۆنی.. تەندروستیت، لەو ناوە چی دەکەی؟!
- ئەها... کاك رزگار ئەوەتۆی!
ئەم لاو ئەولای یەکترمان ماچ کرد و ماوەیەك یەکترمان دواند و لەبەردەم شوفێر و پاسەوانەکانی، تۆزێك بە شانوباڵ و ڕابوردووی منی هەڵدا.. بەڕاستی تەریقی کردمەوە.
دیاربوو دەیویست بۆ پشکنینی جەستەی سەرێکی هەندەران بدات.
- کاك عەزیز.. مادام بەیانی دەگەڕێیتەوە هەولێر... ئۆتۆمبێلەکەی من بە بەتاڵی دەگەڕێتەوە و دەتوانی لەگەڵ پاسەوانەکانم بچیتەوە..
زۆر سوپاسم کرد، بەم جۆرە لوتفی لەگەڵمدا نواند، بڕیاریشی دا لەمەودوا دوای گەڕانەوەی زیاتر یەکتر ببینین.
شوفێر و پاسەوانەکان زۆر ڕێزیان گرتم، کاك ڕزگار وای ڕاسپاردبوون، هەروەك بەرپرسێك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردم.
یەکەم جارم بوو سواری ئۆتۆمبێلێکی وا بەرز و خۆشڕەو و پانوپۆڕ ببم، سەیرێکی پێوەری خێراییەکەی بەردەمی کاکی شوفێرم کرد، میلەکەی لەسەر سەدوچل پلە لە جووڵەدابوو، بەبێ ئەوەی هەست بەو خێراییەی بکەم، لەدڵی خۆمدا گوتم (لە خۆڕایی نییە، هەموو بەرپرسەکان ئەو هەموو ئۆتۆمبێلە عەنتیکانەیان وەلا ناوە و سواری ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە دەبن، چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێك لەناو سەبەتەکەی بەردەمم دانرابوون، دەستم بۆ یەکێك درێژکرد و کەوتمە خوێندنەوەی، یەکەم جارم بوو بتوانم لە ناو ئۆتۆمبێل شتێك بخوێنمەوە، تەکسییەکانی ئەو ڕێگە دووروودرێژە، مرۆڤ ئەوەندە بەم لاو بەولادا دەدەن و دەیکەن بە مەشکە، خۆ بۆت ناکرێ شتێك بخوێنیتەوە.
- مامۆستاگیان حەزدەکەی لەکام چێشتخانە لابدەین؟

وشیاری کردمەوە و سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد، هێشتا سەعاتێکی بۆ کاتی نوێژ مابوو.
- با بەدڵی ئێوە بێت و ئێوە شارەزاترن، گرنگ ئەوەیە شوێنێکی باشی بۆ نوێژکردن هەبێ.
ماوەیەکی دیکە ڕۆیشتین، کاکی شوفێر ستێرنی ئۆتۆمبێلەکەی بەلای یەکێ لە چێشتخانەکان شکاندەوە:
- مامۆستا.. ئێرە شوێنێکی باشی بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن هەیە و خواردنێکی باشیشی هەیە.
(ئێرە هەمان ئەو چێشتخانەیەبوو کە دوێنێ نانی نیوەڕۆم تێداخوارد، یەکسەر نەفەسم تەنگ بوو، ئەمەش نیشانەی بەرزی گوشاری خوێنم بوو، ئارەزووی خواردنیشم لەدەست دا، خۆزگە لێرە لامان نەدایە، خاوەنی چێشتخانەکەم ناسییەوە.. بە تەنگەتاوییەوە بە پیرمەوە هات و شاگردەکانیشی بەوپەڕی ڕووخۆشییەوە، مێز و کورسییەکانیان بۆ سازکردین.
- بفەرموون.. چی ئەمر دەکەی؟
کاکی شوفێر و پاسەوانەکان سەیری منیان کرد، وەك بڵێن.. تۆ لە پێشدا قسان بکە.
- من زۆرم برسی نییە، ئەگەر زەحمەت نەبێ و بلوێ تەنها یەك شیش جگەرم بۆ بێنە؟
- قوربان، بۆ نابێ؟ جەنابت هەرچی داوابکەی دەبێت.
هەندی بڵێی یەك و دوو شیشێك جگەری وام بۆهات، سوێندت لەسەرم نییە، لە ژیانمدا شیشی جگەری وام نەدیبوو، بڕوا بکەن هەر پشکێکی ئەوەندەی پاسارییەك دەبوو، ئەگەر بڵێم نیو کیلۆ جگەری پێوە کرابوو، باوەڕ بکەن.
هاوەڵەکانیشم چی خۆش و بەتام بوو، هاتە بەردەمیان و نۆشی گیانیان کرد، چەند جارێکیش خاوەنی چێشتخانەکە بە زاتی خۆی هاتە بەردەممان و نەبادا کەموکورتییەکمان هەبێ لە چۆنیەتی خواردنەکەی پرسی.

دنیایەکی سەیرە! هەر خاوەنی ئەو چێشتخانەیە بوو، دوێنێ لەبەرچاوی ئەو خەڵکە و بێ ئەوەی حسێبێك بۆ سەری سپیم بکات، تەریقی کردمەوە، تەنها لەبەر ئەوەی گوتم (زەحمەت نەبێ تەنها سووپێکم بۆ بێنە)
- سووپی چی..؟ کاکە لێرە بەتەنها سووپمان نییە، باشترە نان نەخۆن، کاکە ئەگەر نیتانە با لەسەر کیسەی ئێمە بێ.
وا دەمی لێ کردمەوە، قەت نەمزانیبوو کە سووپ خواردن ئەوەندە شوورەیی بێت، باشە ئیمڕۆ دەبێ کاکی کەبابچی بەچیم تێ بگات وا گۆڕاوە، زوو خواردنەکەم تەواو کرد و ویستم من پارەکە بدەم، بەڵام خاوەنی چێشتخانەکە بەزاتی خۆی دەست لەسەر سنگ لەبەردەمم هەڵساو گوتی:
- قوربان، پارەکەتان دراوە.
تا ئێستاش نازانم کێ داویەتی، دوای ئەوەی نوێژەکەشمان کرد، کەوتینە ڕێ، لەگەڵ هاتن و تێپەڕینی ئەو دیمەنە جوان و دڵگیرانەی کە لەودیوی جامی ئۆتۆمبێلەکەوە دەردەکەوتن، کەوتمە نێو دەریای خەیاڵاتێکی گەورە:
(بۆ دەبێ خەڵکانێك هەبن، لێت بترسن، ئەوسا ڕێزت بگرن؟! یان هەندێ کەس هەرچی بڵێت و بیکات ڕاست بێ و هەندێکی دیکەش بەردەوام گوفتار و جوڵانەوەیان لە ژێر میکرۆسکۆبدا بێ، خۆ ڕەنگ نییە بە نەدار و بێ دەسەڵاتت بزانن، یان بەجارێك دەتخەنە پەراوێزەوەو دواتر دەتکەن بە کارەکتەری هەموو سەرگوزشتە سەیروسەمەرەکان و پاڵەوانی نوکتە بێتامەکانیان، بۆیە بەلای من (میکیاڤیلی) ڕاستی فەرمووە - خەڵکی لەجیاتی ئەوەی ڕێزت بگرن، باشترە لێت بترسن - ئەو خەیاڵانە و چەندان خەیاڵی دیکە پرسیاریان دەورووژاند و هەوڵی ترازانی دەروازە داخراو و بێ وەڵامەکانیان دەدا، بۆ چەند جارێك پرسیارەکان بە مێژووی

ڕووداوەکانی چەندان ساڵەی ڕابوردوویدا شۆڕ دەبووەوە و بە ناخی دەیان کەسایەتی پلەوپایەی هەمەجۆری کۆمەڵگادا شۆڕ دەبووەوە، بێپەروا سەعاتێکی خایاند.

- مامۆستاگیان ئەو گازینۆیەی بەردەممان دۆستی خۆمانە و ساردیی چاکی هەیە، چی دەڵێی نەختێ لای بسرەوین.

- چی تێدایە، منیش دڵم چووەتە ساردییەك.

لە گازینۆکە دابەزین و شاگردەکان بە پیرمانەوە هاتن، دیاربوو پاسەوانەکانیان باش دەناسی، هەموو شتێکیان وەلاوەنا و خەریکی شوێن سازکردن بوون بۆمان، گازینۆکە پازدە بیست کەسێکی لێ بوو، جۆگە ئاوێکی سازگار بەناو گازینۆکەدا گوزەری دەکرد و بەرەو ناو چەمەکەی تەنیشتی لێژدەبووەوە، بوتڵی ساردەکانیان خستبووە ناو ئاوەکە، بەڕاستی ساردی کەللەتەزێن بوون.

- مامۆستا بەخێربێن و سەرچاوان هاتن، پارەی ساردەکانیشتان واسڵە.

سەیری وردە ماسییەکانی ناو جۆگەکەم دەکرد، لەگەڵ دەنگەکە سەرم بەرزکردەوە، ئەفسەرێکی پۆلیسی هاتوچۆ بە بەرگی فەرمییەوە لەبەردەمم وەستابوو، شێوەی لای من نامۆ نەبوو، بەرایی وامزانی دۆستی پاسەوانەکانە، پاشان بۆم دەرکەوت، ئەوانیش نایناسن، دوای بیرکردنەوەیەك.

دۆزیمەوە، بەڵێ هەفتەیەك نابێ سزای سەرپێچی ئۆتۆمبێلەکەم بۆ هاتبوو، چووم پەنجا هەزارەکە بدەم، کاکی پارەوەرگر گوتی: کاکە سەعات دوازدەیە، کاتی پارەوەرگرتن نەماوە، بەیانی زوو وەرەوە، ئەوەندەی هەوڵم لەگەڵی دا، بێ سوود بوو، گوتم فەرمانبەرم و ناتوانم بەیانی زوو بێم، ئەو گوێی پێم نەدا و پەنجەرەکەی لەسەر داخستم، لەودیو بە پاڕانەوە باسی چۆنیەتی ڕوودانی سەرپێچییەکەم بۆ کرد، ئەو ڕۆژە ئۆتۆمبێلەکەم لەناو چەندان ئۆتۆمبێلی عەنتیکە ڕاگرتبوو، بەڵام لە بەدبەختی من، تەنها بۆ شڕە ئۆتۆمبێلەکەی من سزای سەرپێچی بە جامی ئۆتۆمبێلەکەمەوە هەڵواسرابوو!

کاکی پارەوەرگر لەودیوی پەنجەرەکەوە قیڕاندی:

- ئێوە وا فێربوونە، هەرکە سزادەدرێن ئەو قەوانە لێ دەدەن..

خەریك بوو بگەڕێمەوە.. لەپڕ ناسیاوێکم بۆ پەیدا بوو، یەکسەر بردمیە لای ئەو زاتە، دوای چایە خواردنەوە و ڕێزلێنانێکی زۆر، بەدوای پارە وەرگرەکەی نارد، هەر زووبەزوو کارەکەی بۆم جێبەجێ کرد.

(دوای ئەو وەبیرهاتنەوەیە)، لە شوێنی خۆم هەڵسام و دەستەکانی کاکی ئەفسەرم گوشی و داوای لێبووردنم لێ کرد کە زوو نەمناسییەوە.

کەوتینە ڕێگا، جگە لەوەی ئۆتۆمبێلەکەی خۆش و خۆشڕەو بوو، بەدرێژایی ڕێگاش کاکی شوفێر بەردەوام کارامەیی خۆی لە لێخوڕیندا دەنواند.

کاتێ گەیشتینە ناو شار، هێشتا بانگی شێوان نەدرابوو، لەبەر ئەوەی ماڵەکەمان لەسەر شەقامە سەرەکییەکە بوو و زۆر دوور نەبوو، ویستم لە ڕێگا دابەزم، بەڵام ئەو بەڕێزانە قبووڵیان نەکرد و لەبەر دەرگای ماڵەکەمان یەکێك لە پاسەوانەکان دەرگای بۆ کردمەوە و دایبەزاندم، دەرودراوسێکانم یەکەم جاربوو بەم جۆرەم ببینن، تەنها شەوێك لە گەڕەك دوور کەوتبوومەوە، کەچی لێم کۆبوونەوە: (یاخوا بەخێر بێیتەوە، بەڕاستی گەڕەکت چۆڵ کردبوو).

باوەڕبکەن جاری واهەبووە دە ڕۆژان لە سەفەر بوویمە و هیچ کەسێ پێی وانەبووە کە گەڕەکم چۆڵ کردبێ، ڕەنگە ئەو خەڵکە لێیان تێکچووبێ و بیریان چووبێتەوە من هەر مامۆستا ئازیزەکەی جارانم و من و مەسئوولی کوجا مەرحەبا!

دەزانم ئەو خەڵکە چەندە تامەزرۆی زانینی

نهێنی ئەو ئۆتۆمبێلە بەرزە و ئەو پاسەوانانەن!

با هەروابێ، با باش بیریان بخەنە کار و مێشکیان شەکەت بکەن، تا ئەو نهێنییە تەلیسم ئامێزە بدۆزنەوە، ڕەنگە ناهەقیشیان نەبێ، چونکە خەڵکی لەو عەیامە لە پڕێکدا دەبن بە کوڕێك!

لێتان ناشارمەوە لەو ڕۆژەوە گۆڕانکارییەك بەسەر هەڵسوکەوتم داهاتووە، خانەوادە و هاوەڵەکانیشم هەستیان پێ کردووە، شەو نییە خەونێك نەبینم کە بوویمە مەسئوولێکی گەورە، زۆرجاریش لە زیندەخەونەکانمدا وەك مەسئوولێکی قەبە ڕەفتار دەکەم و فەرمانی زل زل دەردەکەم، وای لێهاتووە خەریکە منداڵەکانم و قوتابییەکانیشم لێم بێزار دەبن، چەند جارێك دایکی منداڵان ئاگاداری کردوومەتەوە کە لە کاروباری ماڵدا سستی دەنوێنم و بڕیارەکانیشم بەسەریاندا جێگەی نیگەرانییە، ئەو ڕۆژە لە قوتابخانەکەم لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەم تووشی شەڕێك بووم، چەند قوتابییەکم لەسەر شتێکی بچووك دارکاری کردبوو، یەکێکیشیانم نیو سەعاتێك لەبەر باران ڕاگرتبوو..

ئەو هەموو گۆڕانکارییانە لە ژیانمدا هەر هیچ نییە لەچاو ئەو خەونەی دوێنێ شەو بینیم، بەڵێ دوێنێ شەو لەخەوما بووبووم بە مەسئوولێکی عەیار بیست و چوار، بە جلوبەرگی سەرکردە سەربازییەکان وەك پیتی ئەلف چەقی بووم، لە جێی ئەو جووتە سمێڵە پان و پۆڕەم، سمێڵێکی قنج و نیوەبازنەییم لێ ڕوا بوو، بازوبەندێکی وێنەی خاچێکی کۆماو لە قوڵم بەسترا بوو، باڵی ڕاستیشم تەواو کرابووەوە و سوپایەکی بێژمار بە ژێریدا تێدەپەڕین، بۆ هەر کوێیەك دەچووم دیزەم بە گۆزەدا دەدا.